حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٠٨) لە ٢٠٢١/٩/١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٣) لە ٢٠٢١/٩/١، و بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتیی هاووڵاتییان، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامێتی نوێنەری ئەم وەزارەتانەی خوارەوە بۆ لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی ڕێکاری قانونی بەرامبەر سەرپێچیکاران و بەرپرسان لە هاوردەکردنی ئارد بە پێچەوانەی پێوەرە کارپێکراوەکانی تەندروستی و سەلامەتی:

١. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
٢. وەزارەتی تەندروستی.
٣. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
٤. وەزارەتی پلاندانان/ پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری.
٥. نوێنەری وەزارەتی داد/ داواکاری گشتی وەک چاودێر.

**دووەم:** پێویستە لیژنەکە لە ماوەیەکی دیاریکراو کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕۆژی دەستبەکاربوونی، و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و ئەنجامی ڕێکارە قانونی و قەزائییەکان بخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران، ئەمە سەرەڕای ڕاسپاردنی لیژنەکانی قایمقامیەت و ئاسایشی بازرگانی بۆ بەردەوامبوون لەسەر بەدواداچوونی بازاڕ و دەستنیشانکردنی سەرپێچیکاران و حەواڵەکردنیان بۆ لایەنە تایبەتمەندەکان بە مەبەستی لێپێچینەوە و وەرگرتنی ڕێکاری قانونی.

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران